ئەم دوو بەندەش لەدەستوورا دارێژن تائێمەش دەنگ بدەین. . خاڵە حەمە

هەمیشە خەومان بەو رۆژەوە ئەدی نوێنەری خۆمان هەڵبژێرین و ڕزگارمان بێت لەو چەپەڵە دەستخوێناویانەی کەهەمیشە چەقۆی کولیان بەگەردنی منالانی کورد تیژ کردۆتەوەو کۆڵیش لەبێ دەماخی و کەللەپوتی خۆیان نادەن و بەرۆکمان بەرنادەن. . ئێمەی کورد هەرگیز بەویستی خۆمان نەبوە کە لەتەکیانا ژیاوین و ئەوانیش سەردەستەمان بوون، بەدرێژایی مێژووی گەندەڵ و گواوی خۆیان ستەمیان لێ کردوین و نەهانهێستووە تەنها ڕۆژێک بەئاسوودەیی و ئارامی لەماڵەکەی خۆماندا بژین، ئاخر چۆن ئەم ئەژدیهایانە وازوو ماڵی بوون، من هەرچەندە بەمێشکی پوچیانا ئەڕوانم، سەرنج لەکرداری پیس و نەگریسیان ئەگرم رۆژێک لەرۆژان بەبیرمانایەت کەبتوانن لەتەکماندا تەبابن و بەچاوی دۆست سەیری ئێمەی کورد بکەن، ئەوان خۆیان بە دەسەڵاتی خواوەند ئەزانن لەسەرزەوی و بۆشیان چۆتەسەر هێندەش ئێمەیان سەرکوتکردوە کە زۆربەی زۆرمان (دەست بەکڵاوەکەمانەوە بگرین) و دوور بین لەهەموو وەرچەرخانێک لەڕویاندا. .
بەڵام ئەمڕۆ لە کاتێکدا کەخەریکە خەونەکەمان بێتە دی، لەبێهێزترین کاتی ئەمجەللادانەدا دەسەڵاتی کورد خەریکە چۆکیان بۆ ئەدات و ملی منالانی کوردیش ئەخەنەوە ژێر داری ئەو سێدارەیەی شەهیدانی نەمر (شەهاب وجەعفەر و ئەنوەر) ی پیا هەڵواسرا، دەسەڵاتی کورد خەریکە بەنەزانی خۆی منالانی کورد ئەخاتەوە بەر دەسترێژی ئەو چەکەچاوشۆڕانەی سنگی (ئارام) یان خویناوی کردو شەڕی درێژخایەنی نابەرابەریان بەرجەستەکرد کەهیچ کاتێک تۆزقاڵێک بەزەیی مرۆڤانەو خواهانەیان بە کوردا نەهاتۆتەوە، هەرکاتێک بۆیان لوابیت ئەنفالیان کردوین و نیشتمانیان وێران کردوین و (کچ و ژن) یشیان بردوین، ئای کە سەختە مرۆڤ ژێردەستەی ئەم (گا و گوێلک) انەبێت کە هەمیشە خۆیان بەراست و خەڵک بەچەوت تەماشادەکەن، ئای کە سەختە دەستی خوێناوی دوژمنەکەی خۆت بهینیتەوە سەر کورسی دەسەڵاتی خۆت. . بەرپرس بۆ ئەوکارە هەرکەسێک دەبێت دوارۆژ (نە) نەوەکانی کورد (نە) میژوو لێیان خۆش نابێت و بەرنەفرەتی دایکان و باوکانی شەهیدان ئەکەون. . . . .
بەڵام دەسەڵاتی کورد ئەتوانێ ئەو کەمە قورساییەی ماویەتی بیپاریزێ و سەروەری بۆ دواجار بەدەست بهێنێتەوە و ڕێگە بە ئێمەی نەتەوەییش بدات دەنگ بدەین، بەوەی لەو دەستوورەدا دووخاڵ بەرجەستەبکات یەکەمیان دەستنیشانکردنی سنوری باشوری کردوستان لەگەل عێراقدا کەئەمڕۆ وردە وردە تەسک ئەبێتەوە، خاڵی دوهەمیشیان دوایی شەش ساڵ بۆکورد هەبێت دەوڵەتی خۆیٚ دروست بکات و لێیان جیابیتەوەو ئەوەش بەئیمزاو مۆری **UN** بەو شێوەیە شەش ساڵیتریش خۆمان لەبەردەم ئەژدیهاو خوێنمژو خوێڕێژی نەتەوەکەماندا ڕائەگرین و سوپاسی دەسەڵات و دەسەڵاتداری کوردیش دەکەین. . . . . .
خاڵەحەمە/2005/9/25 دانمارک